# چی بۆ کەرکوک بکەین؟ ... بەشی 4 ... عبدالرحمن باوەگوڕگوڕی

abbabagurgury@yahoo.com

گواستنەوەی فەرمانبەرە عەرەبە هاوردەکان و نەوەکانیان بۆ ئەو شوێنانەی کە لێوەی هاتوون و دامەزراندنی فەرمانبەرانی کورد لە شوێنیان بە تایبەتی لە کۆمپانیای نەوت و غاز وەهەروها پێویستە لانی کەم (90%) هەلی کارکردن بۆ کورد تەرخان بکرێت چونکە بۆ (40) ساڵ دەچێت کورد لە کۆمپانیای نەوت بەشی هەر دەرکردنە هیچ هەلێکی کاری لە بەردەم دا نەبووە، لە بەر ئەوە لاتان سەیر نەبێت ئەگەر تا روخانی رژێم لە کۆی (12000) دوانزە هەزار فەرمانبەر لە کۆمپانیای نەوتی کەرکوك تەنها (18) هەژدە فەرمانبەری کورد مابێتەوە. لەم ئەنجامەوە وابزانم پێشنیارەکەم زیادە بۆیی تیا نیە چونکە تەنها بەو پێژە کار کارکردنە دەتوانرێت هاوسەنگی یەك دروست بکرێت، سەرباری ئەوەی مافی رابردووشمان بە قوربانی برایەتی کوردو عەرەب ومافی مرۆڤ دەبێت.

-سەندنەوەی گشت زەوی یە کشتوکاڵی یەکان لە عەرەبەکان و دانەوی بە خاوەنەکانیان وەکو هەنگاوی یەکەم و پاشان جێ بەجێ کردنی بییاری (90) بەسەر ناوچەی کەرکوکدا.

-راست کردنەوەی جادە پێچاو پێچەکەی شۆریجە و دانەوەی زەوی یەکە بەخاوەنەکانی چونکە ئەو جادەیە سەلماندی کە رژێم یاری بە زانستی ئەندازیاریش بۆ ئەنجامدانی مەبەستە گڵاوەکانی و وێرانکردنی ماڵی کورد و دەربەدەر کردنی دەکات. لە بەر ئەوەی کێشانی جادەی گشتی سلێمانی بەغدا بەو مار پێچی یە و گوزەرکردنی بە ناو چیترین گەیەکی کوردی شۆریجەدا و پاشان سوریانەوەی بەرە و ئەو سەری شۆریجە ئنجا سویانەوەی جاریکی تر بۆ پردی (3) سێ کە بوو بەهۆی کاول و دەربەدەر کردنی پتر لە (1000) هەزار خێزانی ساڵانی حەفتاکان کە لە پلان و بۆچونی هیچ ئەندازیارێکی گەمژە و هیچ لەباررادا نەبووە تەنها لە بیرو بۆچونی ئەندازیاری کوشتن و دەربەدەرکردن و ئەنفال و جینۆساید نەبێت، کە دەکرا لە بری ناوەیاست شۆییجە و وێرانکردنی ئەو هەموو ماڵە بەناو باخەکانی شۆریجەدا ببرێت بێ ئەوەی یەك ماڵی کوردی بەربکەوێت.

-هەرچەندە رژێم بەپێی بییاری (31) ی بەناو سەرکردایەتی شۆیش لە (26-3-1974) بێگای بە خوێندنی کوردی دا لەو ناوچانەی کە ناکەونە ناو حوکمی ئۆتۆنۆمی سەپێنراوەوە بەڵام پاش یەك ساڵ هەروەکو هەموو بییارێکی تر پەشیمان بووە و بە قۆناغ تا ساڵی (1981) هەموو خوێندنی کردەوە بە عەرەبی.

کردنەوەی خوێندن و خوێندنگای (سەرەتایی، ناوەندی، ئامادەیی) بە زمانی کوردی بە شێوە خوێندنگای تەواو یا چەند پۆلێك لە هەر خوێدنگایەك بە شێوەیەکی بە پەلە بۆ هەموو گەیەکەکانی کەرکوك لە گەڵ دابین کردنی کتێب ومامۆستا و پێویستی یەکانی دی تا چەند ساڵێکی تر بە تەواوی هەمووی بە کوردی دەکرێت، ئەمەش کێشەیەکە چاوەیوانی هەڵناگرێت لە بەرئەوەی کات وەك تیغە گەر نەیبیین دەمان بیێت و پێویستە زۆر بە جدی بیر لەم مەسەلەیە بکرێتەوە وهەنگاوی بە کردەوەی بۆ هەڵ بگیرێت چونکە ئەو کەسانەی کە گەیاونەتەوە ئەگەر بێتوو بە پەلە بواری خوێندنیان بە کوردی بۆ دابین نەکرێت تووشی گیروو گرفتی زمان دەبن ولەوانەیە هەندێك کەس لە بەر خوێندنی منداڵەکانیان کۆچی پێچەوانە بەرەو سلێمانی و هەولێر بکەنەوە.

-درروست کردنی زانکۆیەکی ناوەندی کوردستانی لە کەرکوك لە گەڵ کارئاسانی بۆ وەرگرتنی هەموو خوێندکارێکی کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستان، کەتیادا لە گەڵ ئەرکی زانستی خۆی ببێتە سەنتەرێك بۆ پاراستنی زمان و کەلەپوری کوردەواری.
- سەپاندنی زمانی کوردی وەکو زمانی عەرەبی بە زمانێکی رەسمی لەو خوێندنگایانەی کە نەتەوەکانی دی بە زمانی خۆیان دەخوێنن. هەڵبەتە خوێندنی زمان و ئەدەبی کوردی وەکو زمانی عەرەبی لە هەموو خوێندنگاکانی عێراق کارێکی پێویست و سروشتی یە چونکە لە وولاتێك دا کە دوونەتەوە تیایدا هاوبەش بن پێویستە لە فەرمان و مافیش وەك یەك بن.
-زۆر پێویستە خولی خێرا بۆ مامۆستای هەموو قۆناغەکان بکرێتەوە تا بتوانن لە سالآنی داهاتوو بە سەرکەوتوویی وانەکانیان بە کوردی یەکی رەوان بڵێنەوە بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە کەڵك لە تاقی کردنەوەی سەرتای سالآنی حەفتای دووای بەیانی (11) ی ئادار وەرگرین.
-پێویستە پێش یا لە گەڵ دروست کردنەوەی خانوو بۆ گوندنشینەکان بیری ئیرتوازی لێبدرێت و تۆیی کارەبا بگاتەوە گوندە وێرانکراوەکان و لە گەڵ دامەزراندنی پاسەوان و کارپێکەر بۆ ئەوەی ببنە کرۆکی زوو ئاوەدان کردنەویان چونکە کورد گووتەنی ئاو وئاوەدانی و ئەگەر فریای دروست کردنی خوێندنگا نەکەوتن دەشێت سوود لە خوێندنگای گەیۆك بۆ چەند گوندێك نزیك بە یەك وەربگیرێت.
-سەر لە نوێ دروست کردنەوەی خانوو بۆ گوند نشینەکان باشتر وایە هەر ماڵە لە شوێنی خۆی بۆی دروست بکرێتەوە و لە گەڵ دروستکردنی گەرماو و تەوالێت بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە هەموو کۆمەڵ و رێکخراوە کوردی یەکان گشت توانایان بخەنە گەی بۆ پەیوەندی کردن بە رێکخراوە جیهانی و خێرخوازەکان بۆ بە زووترین کات راپەیاندنی ئەم کارە چونکە ئەگەر لادێکان ئاوەدان کرانەوە مەودایەکی ستراتیژی بەرفراوان بۆ کوردی ناو کەرکوك فەراهەم دەبێت.
- گواستنەوەی یاژە و گەیاندنەوەی هەر فەرمانبەرێك کە جێژای (ولادە_مەسقەت راس) خۆی یا باوکی یا دایکی کەرکوك بێت کە بە شێوەی ئیجباری لەو شوێنانەی کە لە ژێر دەست حکومەتی هەرێمە و هاندانی ئەوانەی کە لە شوێنەکانی تر کار دەکەن، چونکە ئەمە ئەرکێکی نیشتمانی و کوردستانی یە، لە گەڵ پێدانی هەندێ ئیمتیاز وەکو زەوی خانوو سلفەی عەقاری کەرەستەی بینا لە باج بەخشین....... هتد ئەمەش بیێکی بچوکی قەرەبوو کردنەوەی ئەو هەموو زەرەر و زیانەیە کە لە تاکی کورد لە کەرکوك کەوتووە.
-گواستنەوەی بارەگای مەکتەبی سیاسی وسەرکردایەتی حیزبە کوردستانی یەکان بۆ کەرکوك کە خۆی لە خۆی دا هاندەرێکی باشە بۆ خەڵکی چونکە چەندەها کادیری خەڵکی کەرکوك لەو بارەگایانە کار دەکەن ئێستا لە بەر ئیلتزامی حیزبی نەیان توانیوە بگەیێنەوە جگە لەوەی دڵنیای یەکی زیاتر بە خەڵکی کەرکوك دەدەن.
-گەیانەوەی ماڵی بەر پرسە حیزبی یەکان بە تایبەتی ئەندامانی سەرکردایەتی بۆ کەرکوك ئەگەر سەر بە هەر لایەنێك بن، زۆر بە تایبەتی ماڵی هەڤاڵی بەیێز مام جەلال کە لە هەموو سەر کردەکان پتر خۆی بە خەمخۆری کورد و خەڵکی کەرکوك زانیوە لە بەر ئەوە زۆر بە خێر هاتنەوەی دەکەین. لە هەمان کات دا پتر بە خێر هاتنی بەیێز جەنابی کاك مەسعود دەکەین.
- مایەی شانازی یە هەموو کوردێکە کە لەم کات وساتە دا کەرکوك میوانداری یەکێك لە دانیشتنەکانی پەیلەمانی کوردستان بکات، بۆ ئەم مەبەستەش پێشنیاردەکەین کە دانیشتنەکە تایبەت بێت بە پەسند کردنی کابینەی وزاری حکومەتی یەکگرتووی چاوەیوان کراو.

- گومانی تێدا نی یە کە یەکگرتنەوەی هەموو رێکخراوە جەماوەری یە کوردستانی یەکان (پارێزەران-ئەندازیاران-پزیشکان-مامۆستایان......... هتد) هیواو ئاواتی هەموو لایەکە ئەگەر حیزبەکان لێ بگەیێن، هەڵبەتە دەست پێشخەری (پارێزەران و رۆژنامەنووسانی کوردستان) مایەی شانازی خۆیان و خۆمانە. بۆ ئەوەی ئەو شەرەفە بەرزە بەر خەڵکی کەرکوك بکەوێت پێشنیار دەکەین کە گۆنگرەی یەکگرتنەوی هەموو رێکخراوەکان لە کەرکوك ببەسترێت.

- دروست کردنی لیژنەیەکی تایبەتی کە لە ئاستی مەکتەبی سیاسی حیزبە کوردستانی یەکان بۆ چاودێری کردنی بارودۆخی کەرکوك و یەك هەڵوێستی لە هەموو رووداوو پێش هاتەکان بۆ ئەوەی ئەم هەلە زێیینەمان لە دەست نەچێت.

-پێویستە هەموو پێشمەرگەکانی کە نفوسیان کەر کوکە و دەکرێنە هێزی نیزامی نەچنە هێزی پاراستنی سنور چونکە بەو کارە لە کەرکوك دوور دەکەونەوە باشتر وایە بچنە هێزی پۆلیس و لە کەرکوك بمێننەوە.

-رێگەدان بەو برا مەسیحی و ئەرمەنی یانەی کەرکوك کە رژێم لە سەرژمێری ساڵی (1977) ەوە بێ پرس پێکردنیان و بە بییارێکی تایبەت هەر هەموویانی بە عەرەب نووسی بەلاّم بە ئایین عیسایی، بەم شێوەیە رێژەی عەرەبی لەشارەکە دا زیاد کرد بە ئاشکرا لە سەرژمێری (1977) هەستی پێ دەکرێت.

-کردنەوەی سەنتەری رۆشنبیری بۆ توێژە جیاجیاکان و سەنتەرێکی رۆشنبیری ستراتیژی بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی کورد لە کەرکوك دا و لە گەڵ دروست کردنی هۆڵێکی گەورە بۆ ئاهەنگ و کۆبوونەوە و تەلارێکی گەورە بۆ هونەر.

- گەیاندنەوەی ئیزگەی تەلەفزیۆنی کوردی بۆ کەرکوك کە لە (18-11-1967) دامەزرا تا ئەم ساڵانەی دووایی بەردەوام بوو هەرچەندە لە سەرەتای دامەزراندنی تا لە ناوچوونی بە ناو تەلەفزیۆنی کوردی بەلاّم هیچ رۆژێك بەیێوەبەرەکەی کورد نەبووە لە گەڵ ئەوەشدا رۆڵی خۆی لە شارەکەدا بینیوە.

- هەڵبژاردنی بەیێوەبەر و ناوی خوێندنگاکان بۆ هەموو نەتەوەکان دوور لە مۆرکی حیزبایەتی بەلاّم بە هیچ جۆرێك نابێت لە سایەی دیموکراتیدا رێگە بە کەلەپوری بەعس و بە کلکایەتی دەوڵەتی تورکیای رەگەزپەرست بدرێت پێویستە بە هەمووشێوەیەك دژایەتی بکرێت چونکە خیانەتێکی نیشتمانی و کفرێکی مرۆڤایەتی و نەتەوەی یە کە لە کوردستانی گۆرانی بە سەر گۆی بە گۆیی کورد کوژێکی دژ بە مرۆڤایەتی وەکو ئەتا تورك بگوترێت سەرباری ئەوەی کە ئەم کارە خۆی لە خۆی دا دژ بە سەروەری عێراقە بە کوردستانیشەوە.

- گرتنی کۆی و کۆبوونەوە و هەڵوێست وەرگرتنی جەماوەریانە بەرامبەر حکومەتی رەگەز پەرست تورکیا و هاندانی خەڵکی کوردستان بە گشتی و خەڵکی کەرکوك بەتایبەتی بۆ نەکیینی هەموو کەرەستە و خۆراکێکی تورکی هەر وەکو غاندی دژ بە ئینگلیز ئەنجامی دا تا ئەوکاتەی تورکیا واز لەسیاسەتی رەگەزپەرستانەی خۆیان بەرامبەر براکانمان لە کوردستانی باکور کۆتایی پێ دێنن و دژایەتی کورد لە کوردستان بەتایبەتی لە کەرکوك دا لە بیر دەکەن.

- بێ بەش کردنی عەرەبی هاوردەکانی کەرکوك لە هەموو ئیمتیازیك کە بە ناهەق چەندەها ساڵە تەنها بۆ ئەوان پاوەن کرابوو وەکو (مزایدە، مقاولات، دانانی کارگە وکارخانە......... هتد).

- پێویستە لە سەر هەموو خەڵکە رەسەنەکەی کەرکوك بەهیچ جۆرێك خانوو یا دوکان بە عەرەبە هاوردەکان نەدەن و هیچ کیین و فرۆشتنێکیان لە لە گەڵ دا نەکەن تەنها کیینی

خانوو دووكان نەبێت، دیارە ئەمەش لە روانگەیەكی رەگەز پەرستی یەوە نیە بەڵكو وەكو هۆیەك بۆ زووتر پاڵ پێوەنانیان بۆ ئەو شوێنەی كە لێوەی هاتوونَ.

- پردەكەی یەكەم لە سەر چەمی خاسە ناوی پردی (خەبات) بوو، بەڵام پاش ئەوەی كە گۆی بە گۆی زەعیم روكن (نازم تەبەقچەلی) كە ژنەكەی توركمانی تەلەعفەر بوو كاتێ كە فەرماندەی تیپی 2ی كەركوك بوو رۆڵێكی خراپی لە روودان وكارەساتی گەلاوێژی (1959) ی كەركوك بینی ناوەكەی بۆ پردی (تەبەقچەلی) گۆیدرا، لە بەرئەوەی هیچ یادگارێكی خۆش لە گەڵ ئەو نەگریسەدا نیە پێویست ناوەكی بكرێتەوە بە پردی (خەبات) .

- دانانی مەحكەمەیەكی تایبەتی بۆ گەیانەوەی موڵك و ماڵە داگیركراوەكانی كورد و بە پەلە و یەك لاكردنەوەی كێشەكانیان لە ماوەیكی دیاری كراودا كە لە مانگێك زیاتر نەخایەنێت چونكە درێژە پێدانی ئەو جۆرە كێشانە لە بەر ژەوەندی گەلەكەمان دا نیە، وە هەروها پێویستە قەرەبووی هەموو ئەو زیانانەی كەلێیان كەوتووە بكرێتەوە.

دەركردنی هەموو ئەو كرێچیانەی كە لە ناوخانووی كوردن بە بێ گوێ دانە هیچ یاسا یەكی پێشووتر لە مەی كرێچێتی كە دەڵێ خاوەن خانوو بۆی نیە كرێچی دەر بكات، لە بەرئەوەی لە بنەیەت دا كورد ئەگەر بۆی بگونجایە و لە كەركوك بمایە خانووەكەی بە كرێی نەدەدا.